# ڕێنمایی ژمارە / ٦ ساڵی ٢٠٠٠

# دامەزراندنی پڕۆژەی هەڵهێنەر و مۆڵەت دانی

**ماددەی یەكەم :**

ئەم ووشانەی خوارەوە ئەو دانانەی بەرامبەر دەگرێتە خۆی :٠٠

١. وەزیر : وەزیری كشتوكاڵ و ئاودێری .

٢. بەڕێوەبەری گشتی : بەڕێوەبەری گشتی بەیتەرە و سامانی ئاژەڵ .

٣. بەڕێوەبەرایەتی گشتی : بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەیتەرەو ئاژەڵ .

**ماددەی دووەم :**

ڕەچاكردنی ئەم مەرجانەی خوارەوە :٠٠

١. داواكاری لە لایەن هاوولاتی پێشكەش دەكرێت بۆ بەڕێوەبەرایەتی بەیتەرەو سامانی ئاژەڵ لە پارێزگاكان بۆ دروست كردنی پڕۆژە لە گەڵ داواكارەكە وێنەیەك كە پرۆژەكەی لە سەر دروست دەكرێت بە مەرجێك پشتگیری كرابێ لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی زەوی و زاری پارێزگا .

٢. گرێ بەندێ كرێی زەوی ئەگەر هات و زەوییەكە بە كرێ بوو یان وێنەیەك لە تاپۆی زەوییەكە ئەگەر هات و زەوییەكە (ملك) بوو وە ئەبێ بە ناوی داواكارەكە بێت وە هەروەها ڕەزامەندی شەریكەكانی وەربگرێت ئەگەر هات و شەریكی هەبوو .

٣. لەبەر ئەوەی هاوولاتیانی هەندێ ناوچە (صوره قید) (تاپۆ) یان گرێ بەستی كرێی زەویان نییە بۆ ئەوەی بتوانرێ پشت بەستبن بە فەرمانگەكانی كارگێڕی لە گەڵ كشتوكاڵیەكان وە ئەم پشتگیریە دەبێت باوەڕی پێ بكرێت وەكو(صوره قید) بۆ جێبەجێكردنی پرۆژە لە سەر ئەو زەویە .

٤. بەڵێنی پەسند كراو لە لایەن (كاتب عدل) كەوا خاوەن پڕۆژەكە فەرمانبەر نییە لە هیچ فەرمانگەیەكی

حكومـەت هـەروەها تەمـەنی لـە ١٨ سـالْ كـەمتر نـەبێت وە ئـەبیْ ئیلتزامـی تـەواو هـەبێت بـە هـەموو رێنماییەكان كەوا پەیوەندی بە پرۆژەكەوە هەیە .

**ماددەی سێیەم :**

أ. ڕەچاوكردنی ئەم مەرجە هونەرەیانەی خوارەوە :٠٠

١. ئەبێت دووری لە نێوان پرۆژەی هاوشێوە ٥٠٠م بێت .

٢. ئەبێت دووری لە پرۆژەی مریشكی دایكان و هێلكەكەر ٥٠٠م بێت .

٣. ئەبێت دووری لە پرۆژەی مریشكی گۆشت ٣٠٠م بێت .

٤. ئەبێت دووری لە پرۆژەی كارگەی ئالیك ٢٠٠م بێت .

٥. ئەبێت دووری لە پرۆژەی متكامل (هاوبەش) ٥٠٠م بێت .

٦. ئەبێت دووری لە پرۆژەی سەربڕخانەی مریشك ١ كم بێت .

ب. ڕەزامەندی ئەم فەرمانگانەی خوارەوە وەرگیرێت بۆ ئەوەی نەبێتە ئاستەنگ لە پـێش پرۆژەكانیـان وە كار لە رێنماییەكان بكات .

ژینگە مرۆڤایەتی – رێگاوبان – شارەوانی – شوێنەوار – گەشت و گوزار – ئاودێری بەنداوەكان – كارەبا – گواستنەوەو گەیاندن – نەوت و كانزاكان .

**وەزیری كشتوكالْ و ئاودێری**

## ڕێنمایی ژمارە / ٧ سالْی ٢٠٠٠

## دامەزراندنی پرۆژەی سەربڕخانەی مریشك و مۆلْەت دانی

بــە پــیْ ی ئــەو دەســەلآتەی كــە پێمــان دراوە لــە یاســای وەزارەتــی كــشتوكالْ و ئــاودێری ژمــارە ١٠ ســالْی ١٩٩٢ بــۆ رێكخــستن و پەرەپێــدانی پــرۆژەی ســەربڕەخانەی مریــشك و چــۆنیەتی مۆلْــەت دان بــەو كەســانەی دەیانــەویْ ئــەو پرۆژانــەی جێبــەجیْ بكــەن و بــۆ ئاسان كاری ئیش و كاری ئەم پرۆژەكاریە ئەم رێنماییەمان دەركرد .